**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٣٥٦٨/٤/٩ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

## ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٧

## بۆ جێبەجێ کردنی پەیڕەوی خود خەملاندن (نظام التكليف الذاتي)

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (٣/یەکەم) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠، هەروەها حوکمەکانی هەردوو بڕگەی یەکەم و پێنجەم لە ماددەی (٦١) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو، هەروەها پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٣٩١) لە ٢٠١٧/٣/٢٦ پەیوەست بەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران ، کە لە قۆناغی یەکەمدا لەسەر گەورە باجدەران پەیڕەو دەکرێت و لە قۆناغی داهاتووشدا لەسەر باجدەرەکانی دی جێبەجێ دەکرێت ، بەپێی ئەو ڕێ و شوێنانەی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمەوە رادەگەیەنرێت و دیاری دەکرێت.

**ماددەی (١):-**

### پێناسەکان

- مەبەست لە یاســـــا: یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢) هەموارکراوە.
- مەبەست لە خەملاندنی باج ، بەگوێرەی ئەم ڕێنماییە دیاریکردن و ڕێکخستنی بەهای باجی کەوتوو لە حیسابی باجدەر بۆ قازانجی دەسەڵاتی دارایی لەماوەی دیاریکراوی باجدان لە جۆری باج .
- مەبەست لە خود خەملاندن (التكليف الذاتي) ئەوەیە کە باجدەر خۆی ئەژماری باجەکەی خۆی بکات کە دەکەوێتە ئەستۆی، بەگوێرەی بنچینەی یاسایی و پێشکەش کردنی راپۆرت و بەجێگەیاندنی لە ماوەی یاساییدا.
- مەبەست لە باجدەرانی خود خەملاندن ، کەسی ئاسایی و کەسی مەعنەوییە.
- مەبەست لە راپۆرتی باج (التصريح الضريبي)، خستنەڕووی راپۆرت و ئەو پاشکۆ ئیلزامی و تەواوکاریانەیە بەپێی پێویست.

**ماددەی (٢):-**

### تۆمارکردن لە بەرێوەبەرایەتی باج

بە ڕەچاوکردنی حوکمە تایبەتەکانی یاسا، هەر کەسێك کە سەرچاوەیەکی داهاتی هەبێت ملکەچ دەبێ بۆ باج ودەبێ داواکاری تۆمارکردن پێشکەش بکات لە بەرێوەبەرایەتی باج ئەمەش بەپێی ڕێ و شوێنی دیاریکراو دەبێت .

هەر کەسێکیش کە تۆمار کراوە پێویستە زانیاری بداتە بەرێوەبەرایەتی باج لە ماوەی دوو مانگدا لە هەر گۆرانکارییەك، وەکو:

أ- ناو، ناونیشان، شوێنی کار.

ب- ناوی بازرگانی یان جۆری چالاکی سەرەکی.

ج- شێوەی یاسایی کە لەمیانەیدا مومارەسەی چالاکییەکانی دەکات.

ئەو باجدەرەی کە لە کار دەوەستێت پێویستە دەسەڵاتی دارایی لێ ئاگادار بکاتەوە لە ماوەی(٢) دوو مانگدا لە رێکەوتی لە کار وەستانی ئەمەش بەگوێرەی رێ و شوێنی دیاریکراو.

پێشکەشکردنی راپۆرتی لەکار وەستان باجدەر لە بەرپرسیارییەتی باجدانی پێویست دوور ناخاتەوە لەماوەی کارکردنیدا ، تەنانەت ئەگەر ئەو باجە هاتەدی یان بە رەسمی جیبایەش بوو دوای لە کار وەستانی.

دەسەڵاتی دارایی لە کاتی تۆمار کردنی هەر باجدەرێك ژمارەیەکی تایبەت دەداتە هەر باجدەرێك کەپێی دەگوترێت ژمارەی باج کە بۆ هەموو جۆرەکانی باج بەکاردێت بە پێی رێ و شوێنی دیاری کراو.

لەسەر هەموو باجدەران پێویستە ئەوانەی کە ژمارەی باج (رقم ضريبي) یان پێدراوە، لە هەموو بەڵگەنامەکانیان ئەو ژمارەی باجە بەکار بێنن .

بۆ هەر باجدەرێك یەك ژمارە حیسابی باجی تەرخان دەکرێت کە پۆلینبەند و بەش بەش کراوە بەگوێرەی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی باج و هەموو جوڵەیەکی جیاوازی باجی تێدا دەخرێتە ڕوو.

**ماددەی ( ٣ ):-**

**خود خەمڵاندن ( التكليف الذاتي )**

أ- پێشکەش کردنی راپۆرتەکانی باج و ئەو بەیاناتەی کە باجی کەوتوو دیاری دەکات لەگەڵ بڕی ئەو سزا و بڕە ئیزافیانە(مبالغ اضافية)ی و هەروەها سووی دواکەوتن، ئەگەر هەبوو، پێویستە باجەکەی بدات بەبێ هیچ داوالێکردن و هۆشداریەك ، هەروەها بەبێ ئەوەی هیچ ئاگانامە (اخطار)ی پێ بدرێت لەلایەن دەسەڵاتی دارایی، لە هەموو ساڵێکی باجداندا پێش (١) تەمموزی هەموو ساڵێك لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی(٤) ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراودا هاتووە ، لەگەڵ بەهەند گرتنی ئەژمارکردنی ئەوەی یەکەمین ساڵانی زیانکردن بۆ باجدەر وا دادەنرێت لە ساڵی داراییدا کە دەست پێدەکات لەگەڵ پیادەکردنی سیستمی خود خەملاندن ، بەڵام ساڵانی رابردووی زیانکردنی پێش ساڵانی پیادەکردنی سیستمی خود خەملاندن بە هەند وەرناگیرێت هەروەها باجدەر بەرپرسە لە پێشکەش کردنی راپۆرت و دانی ئەو باجەی دەکەوێتە ئەستۆی.

ب- پێویستە راپۆرت لەلایەن باجدەر یان بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیاوە واژۆ بکرێت.

ج- لەسەر باجدەر پێویستە لەگەڵ بەیاناتی پێشکەشکراو ناوی چاودێری ژمێریاریش تۆمار بکات.

د- پێویستە راپۆرت بەو زانیاریە داراییانەی خوارەوە بەراورد بکرێت:

ئەژماری کۆتایی دارایی ( بيان المركز المالي ) خشتەی داهات ( بيان الدخل ) دەرخستەی جولەی دراو ( كشف التدفقات النقدية ) لەگەڵ ئەو روونکردنەوە داراییانەی لە رێسای ژمێریاری کارپێکراودا هەیە، راپۆرتی نرخی حەواڵەکردن ( تقرير سعر التحويل ) راپۆرتی ژمێریاری یاسایی ( تقرير المحاسب القانوني). نەدانی بڕی باجی چەسپاو هیچ کاریگەری نابێت لەسەر پێشکەش کردنی راپۆرت.

ماددەی ( ٤ ):-

**پەیڕەوکردن و پاراستنی پەڕاو و بەڵگەنامە ژمێرياریيەکان ( مسك و حفظ الدفاتر و مستندات المحاسبية )**

پەیرەوی دەفتەری بازرگانی و هەموو قەید و حیساباتەکان دەکرێت کە ڕێگە خۆش دەکەن بە ئەژمارکردنی باجی کەوتوو بەپێی سیستمی دەفتەری بازرگانی بۆ مەبەستی باجی دەرامەتی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥.

بەڵگەنامە و پەڕاوە ژمێرياریيەکان تا ماوەی ٧ ساڵ پارێزگارییان لێ دەکرێت لە کۆتایی ئەو ساڵەوە کە کاری تێدا ئەنجامدراوە، ئەمەش لە ناوەندی کار یان شوێنی نیشتەجێبوونی باجدەر دەبێت، پێویستە بەشێوەیەکی دروست بپارێزرێن و دوور بن لە هەر جۆرە ڕوشاندن و تێکچوون و ڕەشبوونەوەیەك، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش بتوانرێت بخوێندرێنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

ماددەی ( ٥ ):-

**راستکردنەوەی را پۆرت**

هەر کاتێك باجدەر زانی ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کردووە هەڵە و بەسەهووچوونێکی وای تێدایە کاریگەری دەبێت لەسەری بڕی باجی کەوتوو، ئەوا دەتوانی راپۆرتەکی راستکەرەوە پێشکەش بکات تێیدا هەڵە و بەسەهووچوونەکان دیاری بکات ، ئەو کات ئەو باجەی کە نەیداوە دەبێ بیدات لەگەڵ هەر جۆرە پێبژاردن و بڕی پارەی زێدەکی و سووی دواکەوتنێك کە دەکەوێتە ئەستۆی ، راستکردنەوەکە لە ماوەی (٥) ساڵدا دەبێت لە دوای کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی کە راپۆرتی بنچینەیی تێدا پێشکەش کراوە، بە مەرجێك باجدەر دەستنیشان نەکرابێت بۆ مەبەستی دەرس.

لە حاڵێکدا ئەگەر باجدەر لە ماوەی یاساییدا راپۆرتی هەموارکراوی لەجێگەی راپۆرتی بنچینەیی پێشکەشکرد، ئەوا راپۆرتە هەموارکراوەکە دەبێتە پاشکۆی راپۆرتە بنچینەییەکە و ئەو کات هیچ باجی زیادە و سزا و ئیزافەیەکی ناکەوێتە ئەستۆ.

ماددەی ( ٦ ):-

**دانی باج ( تسدید الضريبة )**

بەگوێرەی سیستەمی خود خەملاندن باج دەخرێتە ئەستۆی باجدەر لە هەموو ساڵێکی باجدان لە پێش (١) تەمموزی هەر ساڵێك ، هەروەك دەشتوانرێ پێش ئەو وادەیە باج بدرێ کە بڕەکەی یەکسان بێت بە بڕی باجی ساڵی پێشوو یان هەر بڕێك کە دەسەلاتی دارایی وەکو ئەمانات بەشێوەی یەدەگ وەریدەگرێت بۆ ئەوەی بتواندرێت نووسراوی لاری نەبوونی پێبدرێت تا وادەی پێشکەشکردنی راپۆرتی هەمان ساڵ، بەڵام سەبارەت بەکۆمپانیاکان ئەوانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە و بەخشراون لە باج بەگوێرەی یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٦ یان ئەو باجدەرانەی بەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکان لە باج بەخشراون دەتوانن نووسراوی لاری نەبوون وەربگرن بەبێ دانانی هیچ بڕە پارەیەك وەکو ئەمانات.

**ماددەی ( ٧ ):-**

**دەرســـی را پـــۆرت**

**بە مەبەستی جێگیرکردن و چەسپاندنی ڕاستی و دروستی باج ، دەسەڵاتی دارایی مافی ئەوەی هەیە بەدەرسکردنی راپۆرت و کارەکانیدا بچێتەوە لەسەر بنچینەی سامپڵی نێو دۆسیەکان و دیاریکردنی راپۆرتەکان بۆ دەرسکردن بە گوێرەی پێوەرەکانی هەڵبژاردن لە ئەنجامی شیکردنەوەی بەپێی بنەمای خود خەملاندنی کە لەو بڕیارەدا هاتووە لە ماوەی (٥) ساڵدا لە کۆتایی ئەو ساڵەوە ڕا کە راپۆرتی تێدا پێشکەش کراوە. دەسەڵاتی دارایی هەمواركردنی خوازراو دەردەکات بۆ باجی تەواوکاری ( الضرائب التكميلية ) و باجی سەربار (الضرائب الأضافية) لەگەڵ پاشکۆکانی یان سزا یان بڕی سەربار یان سووی دواکەوتن لە حاڵەتی پێویست بوونی، لە رێگای راگەیاندنێکی نوێی باج کە باجدەری پێ ئاگادار دەکرێتەوە.**

**ئەو هەموارکردنە لەسەر بنچینەی ئەم سەرچاوە زانیارییانەی خوارەوە دەبێ:**

- **زانیاری بەدەستهاتوو لە راپۆرت و بەیاناتی باجدەر خۆی.**
- **زانیاری دیکە کە لە لایەنی سێیەم دێتە دەستکەوتن .**
- **ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی دەرسی مەیدانی و پرۆسەی پشکنین و دەفتەر و بەڵگەنامە ژمێرییارییەکان دەست دەکەون .**
- **هەر زانیارییەك لەلایەن دەسەڵاتی دارایی بێتە دەستخستن .**
- **فەرمانبەرانی تایبەتی باج لە چوارچێوەی کاری دەرسدا بۆیان هەیە هەموو تۆخمەکانی بەیاناتی باج بپشکنێ هەروەها زانیاری وەربگرێت لەسەر دەفتەر و بەڵگەنامە حیسابیەکانی تایبەت بە باجدەر ، یان هەر کەسێك دیکەی پەیوەندیدار.**

**هەروەها بۆیان هەیە بچنە ناو شوێنی کاری باجدەر و جێگای هەڵگرتن و پاراستنی دەفتەر و بەڵگەنامە حیسابیەکان ببینن بە پێی ماددەی (٢٨) لە یاسا، دیارە ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ باجدەر دەبێت.**

**لە سەر دەسەڵاتی دارایی پێویستە باجدەر ئاگادار بکرێتەوە لە رێکەوتی دەست کردن بە دەرس بە شوێنی کاری باجدەر لە ماوەی چەند رۆژێك کە کەمتر نەبێ لە پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێراگەیاندن ، ئەو پێراگەیاندنە دیاری کردنی ئەو دەفتەر و بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە باج لە ماوەی باجداندا بابەتی دەرس کە دەبێ باجدەر زەقی بکاتەوە.**

**دەسەڵاتی دارایی لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییەکاندا، بۆی هەیە بە فەرمانی نووسراو داوا لە چاودێری باجەکان بکات بە نۆرین و لێکۆڵینەوە لە دەفتەر و بەڵگەنامە ژمێرییارییەکان، هەروەها دەسەڵاتی دارایی بۆی هەیە بەشێوەی کتوپڕ و بێ ئاگادارکردنەوەی باجدەر شوێنی باجدەر بپشکنێ، لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەسەڵاتی دارایی گومانی جددی هەبوو لەوەی پرۆسەی دەرس سەرکەوتوو نابێ، بەڵام مەرجە ئەو گومانە جددیە پشت ئەستوور بێ بە زانیاری بەڵگەدار کە بە دەسەڵاتی دارایی گەیشتووە یان پەیوەندی هەبێ بە رابردووی باجدەرەکە لەگەڵ دەسەڵاتی داراییدا.**

دەسەڵاتی دارایی بۆ بەجێگەیاندنی پرۆسەی دەرس دەتوانێ بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییە کار پێکراوەکان بە شێوەی نووسراو داوا لە هەر کەسێك بکات کە زانیاری هەیە لە سەر ڕاست و دروستی باجی کەوتوو لە سەر هەر باجدەرێك. ئەو زانیاری پێدانە به گوێرەی ماددەی (٢٨) لە یاسا دیاری دەکرێ و لە میانەی ئەو ماوەیە دەبێت کە کارگێری باج دیاری دەکات.

فەرمانبەری ڕاسپێردرا و بە پرۆسەی دەرس بۆی هەیە کۆپی وێنەی دەفتەر و بەڵگەنامە ژمێرارییەکان بکات کە هێزی سەپاندنی (قوة ثبوتي) هەمان وێنەی ئەصلیان هەیە.

هەروەها چاودێری باج دەتوانێت داوای ئامادەبوونی کەسی پەیوەندیدار یان نوێنەرەکەی بکات لە شوێنی دەرس بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ڕووبەروی دەکرێنەوە لە پێناو چاك بەرێوەچوونی ئەرکەکان و ئەو کارانەی پێویستن بۆ هاوکاریکردنی دەسەڵاتی دارایی.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر تۆمار و بەڵگەنامە ژمێرارییەکان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی هەلگیرابوون و پارێزرابوون فەرمانبەری تایبەتمەندی باج بۆی هەیە ئەو داتا ژمێراییانە ببینێ کە لە کۆمپیوتەر زانیارییەکانی پێ خەزن کراوە، هەروەها بۆی هەیە داوای چاپکردنی ئەو زانیارییانە بکات بۆ سەر کاغەز بەشێوەیەك بتوانرێ بخوێندرێتەوە .

لەسەر دەسەڵاتی دارایی پێویستە ئەنجامە بەراییەکانی دەرس بە باجدەر ڕابگەیەنێ، ماوەی(٣٠) سی ڕۆژیشی پێ بدات بۆ ئەوەی تێبینیەکانی خۆی بە شێوەی نووسراو بدات . ئەمە بەر لە دەرچوونی خەملاندنی باج بەشێوەیەکی ڕەسمی بە مەرجێك ئەو ماوە دیاریکراوە لەدەرەوەی ئەو ماوە زەمەنییە نەبێ کە بۆ ماوەی دەرس دانراوە و بریتییە لە(٥) پێنج ساڵ.

ئەگەر هاتوو باجدەر بەڵگەنامەی نوێی دیکەی پێشاندا دەسەڵاتی دارایی دوای لێکوڵینەوەو وردبونەوە لە بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان ، دەتوانێ ئەنجامەکانی بەرایی دەرس هەموار بکاتەوە و ئەنجامی نوێ دەر بکات.

دەسەڵاتی دارایی خەملاندنی کۆتایی دەردەکات لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێ لە مانگێك لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی تێبینیەکانی باجدەر یان پێشکەش کردنی نوسراوێك لە سەر ئەوەی کە هیچ تێبینیەکی نیە یان تێپەڕبوونی ماوەی مانگەکە بە مەرجێك ئەو ماوە دیاریکراوە لەدەرەوەی ئەو ماوە زەمەنییە نەبێ کە بۆ ماوەی دەرس دانراوە و بریتییە لە پێنج ساڵ.

باجدەر بە ئەنجامی کۆتایی دەرس ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراوی باج ، ئەگەر باجەکەی بۆ هەموار کرا ئەوا دەسەڵاتی دارایی بڕی هەموارکردنەکە و هۆیەکانی پێرادەگەیەنێت.

ئەگەر باجدەر ڕاپۆرتی پێشکەش نەکرد و پابەند نەبوو بە پێشکەش کردنی دەفتەر و بەڵگەنامە ژمێریاری و یاساییەکان و زانیاری پێویستی نەدا بە دەسەڵاتی دارایی ئەوا دەسەڵاتی دارایی خەملاندنی باجی بۆ دەکات، پاڵپشت بەو زانیاریانەی دەستی دەکەوێت باجەکەی دیاری دەکات، ئەمەش باجدەر لە بەرپرسیاریەتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت دوور ناخاتەوە.

**ماددەی ( ٨ ):-**

## تـــــانـــە

بەپێ ماددەی (٣٣) ی ئەم یاسایە باجدەر بۆی هەیە تانە لە خەملاندن و بڕیاری باج بگرێ کە پەیوەستە بەخۆیەوە ، ئەگەر بینی هەڵە یان زیادە یان ناهەقی بەرامبەری کراوە، ئەگەر لە ماوەی (٢١) رۆژدا لە رێکەوتی پێراگەیاندنی خەملاندنی کۆتایی تانە بە شێوەی نوسراو پێشکەشی دەسەڵاتی دارایی نەکات ئەوا دوای تێپەڕ بوونی ئەم ماوەیە هیچ تانەیەکی لێ وەرناگیرێت .

تانە دەبێ لەلایەن باجدەر خۆی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات بەپێی یاسا پێشکەش بکرێت، هەروەها دەبێ هۆی تانەدانەکە و دەقی داوای تانەکە هاوپێچ لەگەڵ بەڵگەنامەی پێویست دابنرێت بە پێچەوانەوە تانەکەی رەت دەکرێتەوە.

لەسەر دەسەڵاتی دارایی تایبەتمەند پێویستە هەموو ئەو خاڵانەی لە تانەدا هاتوون لێی وردبێتەوە و دیراسەی بکات لە ماوەی(٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی تانەکە بڕیاری لەسەر بدات.

هۆیەی تانە لە بەڕێوەبەرایەتی باج بۆی هەیە داوایەك ئاراستەی بەڕێوەبەر بکات بۆ درێژکردنەوەی ئەم ماوەی سەرەوە بۆ (٣)سێ مانگی دیکە، ئەو درێژکرنەوەی تەنیا یەك جار دەبێت.

دەسەڵاتی دارایی بۆی هەیە بە بریارێك پشتڕاستی یان ڕەتی هەمووی یان بەشێکی تانەکە بکاتەوە.

لە کاتی دەرسکردنی تانەدا، دەسەڵاتی دارایی دەتوانێ چاو بە خەملاندن بگێڕێتەوە لە حاڵەتی دەرکەوتنی زانیاری و توخمی نوێی شاردراوەی پەیوەست بە بابەتی تانەگرتن.

لە حاڵەتی تێپەڕینی ماوەی بنچینەیی و زیادکراو لە پێشکەشکردنی تانە، ئەگەر دەسەڵاتی دارایی هیچ بڕیارێکی لە بارەی تانەکەوە نەدات ئەوا تانەدانەکە بە قەبوڵکراو ئەژمار دەکرێ.

دەبێ وەڵامی ئەنجامی دەرسکردنی تانە بە شێوەی نووسراو بێت و هۆیەکانییشی دیاری کرابێت.

لە حاڵەتی قەبوڵ کردنی بەشێك یان هەمووی تانەکە لەلایەن دەسەڵاتی دارایی تایبەتمەندەوە، مافی باجدەر ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەربگرێتەوە:

أ- بڕی زیادەی باجی دراوی خۆی وەربگریتەوە.

ب-ئەو بڕە سووەی بانکیەی شایستە دەبێت بۆ ئەو بڕە پارەیە دەبێت کە بۆی دەگێردرێتەوە.

**ماددەی ( ٩ ):-**

## تـێـهـەڵـچـوونـەوە

پاڵپشت بە ماددەی (٣٥) لە یاسا، باجدەر بۆی هەیە داوای تێهەڵچوونەوە لە ئەنجامی دەرسی تانە بکات کە لەلایەن دەسەڵاتی دارایی دەرچووە، لە ماوەی(٢١) رۆژدا لە ڕێکەوتی راگەیاندنی بڕیاری دەسەڵاتی دارایی دوای ئەم ماوەیە مافی داواکردنی تێهەڵچوونەوەی نامێنێت.

لە حاڵەتی قەبوڵ کردنی بەشێك یان هەموو تانەکەی لەلایەن لێژنەی تێهەڵچوونەوە ، مافی باجدەرە ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەربگرێتەوە:

أ- بڕی زیادەی باجی دراوی خۆی وەربگرێتەوە.

ب- ئەو بڕە سووە بانکیەی شایستە دەبێت بۆ ئەو بڕە پارەیە دەبێت کە بۆی دەگێردرێتەوە.

**ماددەی ( ١٠ ):-**

**ئەم ڕێنماییەی تایبەت بە ڕاپۆرتی باج ( التصريح الضريبـي ) کاری پێدەکرێت لە ساڵی (٢٠١٦) داراییەوە.**

**ماددەی ( ١١ ):-**

**ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٣٠ وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین**
**وەزیری دارایی و ئابووری بەوەکالەت**